## ئەریَ كاكە شێخ ئەجوا بۆ بەناوی ڕاستی خۆت نانووسی؟ ...ڕێباز ئەحمەد عەلی

سلێمانی

چاك دڵنیابە كاكە نەقشبەندی، ئەوەی ڕۆژێك لە ناو ڕیزەكانی یەككرتووی ئیسلامی كوردستان، كاری كردبێت و ئەم نووسینە بوغزاویانەی تۆی خوێندەبێتەوە، ئەوكات بۆی ڕوون ئەبێتەوە كە مرۆڤی ئاوا لە نێو ئۆرگانەكانی یەككرتوو، هەرگیز بوونی نەبوە، وە باوەڕناكەم هیچ وانەو دەرسێكت لە فكری میانڕەوانەی یەككرتووت خوێندبێت، هەرچیت وەرگرتوە، یان ئەینووسیت هەمووی لە دەرەوەی بازنەی حیزبەكەی یەككرتوو بووە، وە دیارە قوتابی ئەو قوتابخانەیە نیت، خۆت و ئێمەش باش دەزانین قوتابی كام قوتابخانەو دڵسۆزی چی پارتێكی كوردستانی.

لەم نوسینەی ئەم جارەت باسی دەوڵەمەند بوونی یەككرتوو دەكەی، خۆت باش دەزانی، كیَ و كام لایەن بوونە میلیاردێر و خاوەن كۆشكە نایابەكان و كۆمپانیا زەبەلاحەكان لەناوەوو دەرەوەی هەرێمی كوردستان، چاك دەزانی ملیۆنەها دۆلاری تاكەكانی كۆمەڵگا ئێستا لە بانكەكانی ئەورووپاو ئەمریكایە، كام دەستەو لایەن هەڵیان گرتووە، وەك هەموو سەركردەو، پاشا علمانیەكانی وولاَتانی جیهانی3 .

وەك كاكە حەمەی حاجی مەحمود لە ڕۆژنامەی میدیا ژمارە209 لاپەڕە 9 ئەڵیَ :فەرموو با حیزبێكی غەیری یەكێتی وپارتی كۆمپانیایەك بكاتەوە، كارێكی بازرگانی بكا، لە زاخۆ تا دەگاتە كفری و خانەقین كام بینای چاكە، كام بازاڕی باشە، كام كارگەی چاكە، كام هوتێلی گەورەیە، هی هەردوو پارتی دەسەلاتدارە. بە ڕاستی كاتیَ باسی ڕاپیچكردنت كرد بۆ دادگا، پێكەنینێك لەگەلڕ خۆمدا گرتمی، چما كوردستان وولاَتی فول دیموكراسی و سەروەری یاساوو، مەملەكەتی عەدالەت خوازانە؟

كاكە شێخ هەتا سەركردەو خێل پیرۆز بێت، تا حیزبی دەسەلاَتدار قودسێتی لە سەروی یاساوە بێت، باسی دادگایەك مەكە، سەربەخۆ بێت و حیزبی دەسەلاَتدار خۆی تێهەڵنەقورتێنیَ، گەر دادگاش هەبێت، ئاوا پێویستە خەڵكانێكی سەر بە دەسەلاَت ڕاپێچی دادگا بكرێن لەسەر دەوڵەمەند بوونی.

لە جێگەیەكی كەدا ئەتەویَ یەككرتوو پێناسە بكەی بە بزوتنەوەی تالیبان، یان بەوەی ئافرەتی كردۆتە كۆیلە، بەلاَم لەم بوختانانەش نەتپێكاو ڕاستت نەفەرموو، لە ناو ڕیزەكانی یەككرتوو زۆربەی زۆری ئەندام ولایەنگرانی كەسانی خاوەن بڕوانامەی بەرزن لە هەموو ئاستەكان، بە پیاوو ئافرەتەوە، ئەگەر وەك بزوتنەوەی تالیبان بونایەو ئافرەتیان كۆیلە بكردایە، ئەوا (5) پێنج ئافرەت نابێتە ئەندامی سەركردایەتی یەككرتووی ئیسلامی، تاكە پارتی كوردستانیە بە پارتەكەی جەنابتەوەش، كە 5 خوشك بگاتە ئاستی سەركردایەتی، پێم ناڵێی كام پارتی علمانی لە كوردستان لە ئاستی یەككرتوو ئەوەندە ئەندامی سەركردایەتی هەبێت؟ !بەلاَم چی بكەین كاك نەجوا، بەبەڵگەوە وولاَمت ئەدرێتەوە هەر زیاتر ڕوو سوور ئەبیت و درێژە بە بوختان و ناو زڕاندن دێنی.

هەگیز ئامادە نیت وولاَمی ڕاستیت هەبێت، بگرە زۆربەی ئەو پرسیارانەی ئاراستەت ئەكرێت، زمانت گۆ ناكات ڕاستیەكان بلێت، پێم باش بوو لەو نەسیحەتانەی كە ئاراستەی خوشكانی یەككرتووی دەكەی، ئامازەت بەوە بكردایە گەر خوشكان ڕیزەكانی یەككرتوو بەجیَ بێڵێت، دەتوانن لە ناو كام ڕێخراوو وپارتی كوردستانی، درێژە بە كاروان بدەن، بۆ ئەوەی ڕێزو بەهایی ئیسلامەتی و ڕەوشتە جوانە ڕەسەنەكانی كوردایەتی بپارێزن؟!

بەڵێ:ئەوەی ڕوون و ئاشكرایە ئافرەتان لە لای زۆر لە خەمخۆرانی مافی ئافرەت، لە ناو علمانیەكان تەنها، ووشەو ووتەی بریق و بریسكەدارە، هیچ كات نایەتە پیادەكرن، ڕێز لێگرتنیان وەك دایكێك، یان خوشكێك، یان هاوسەرێك، زۆر كەم بوونی هەیە.
لە كۆتایی نووسینە بازاڕیەكەت ئەڵێ: سەرۆكی یەكگرتوو وەك پاسەوانی تایبەتی لە پشتەوەی سەرۆكی هەرێم ڕادەوەستێ و ئەترسێ، یەكگرتوو لەو ڕۆژەوە دامەزراوە پاشكۆو پاسەوانی هیچ لایەن وكەسێك نەبوە، ئەگەر بوایە زوو دەرئەكەوت بۆ هەموو خەڵك، نەك وەك........)
دیارە كێ ماستاو چیە، بۆ وەرگرتنی هەندێ پول وپارە چۆن ویژدانی خۆی ئەدۆرێنێ، لە مەڕ هەندێ نووسینی نا شایەستە و درۆی شاخدار، بەڵام وادیارە چاوت بەرایی نادات ئەمینداری یەكگرتوو بەشداری كۆرو كۆبونەوە گشتێكان بێت، وەك چۆن زومی كامێراكانی تەلەفزیونی دەسەڵات، زۆر بەدەگمەن دیمەن و وێنەی كەسایەتیە ئیسلامیەكان پیشان بدات، خۆ هیچ گومانی تێدا نیە، نە لای تۆو نە لای هەموو مرۆڤێكی كورد، كە سێ یەم پارتی كوردستانییە، لە بەر ئەوەی حەزت لە تاكڕەوییەو، بڕوات بە فرە حیزبی نییە بۆیە وا بیر دەكەیتەوە.
جا چۆن تۆ نەسیحەتی خوشكانی یەكگرتوو دەكەی، وەك دڵسۆزێك ئێمەش ئامۆژگاریت دەكەین تا زووە چارەیەكی دەروونی بدۆزەرەوە، چونكە تا بێت هەڵگرانی ئیسلامی میانڕەو لە ئەوپەڕی لوتكەدان، وە بەشداری هەموو داموودەزگا ئیداری و حكومیەكان و پەرلەمان دەبن، نەك تەنها لە كوردستان لە هەموو ووڵاتانی ئیسلامی، چونكە ئەو كات و زەمانە بەسەرچوو تەنها پارتی دەسەڵاتدار خاوەنی هەموو بڕیارێك بێت و، پارتە كانی تر مەگەر لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەكان كۆبونەوەو بڕیارە چارەنووس سازەكانیان ببینیایە، لە هاوینە هەواری دووكان یان سەری ڕەش، ئێستا زەمەن زەمەنی یەكتر خوێندەوەو یەكتر قبوڵ كردنە.